# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها .

**ژمارە ٣٩ـ ١١ی خەزەڵوەر ٢٧١٨**

**+ پاشکۆی سێهەمی چیرۆکەڵە**

■ **چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

جێگر بەختیار

عەداڵەت کەریمی

فەرهاد سالەحی‌فەر

ناسر فەتحی

شەرمین سالحی

■ **پاشکۆی سێهەمی چیرۆکەڵە/ چیرۆک بۆ منداڵان**

لاپەرە ١٨ ...

■ **بەتامی چیرۆک:**

لاپەرە ٢٧ ...

■ **وێنەی ڕووبەرگ:**

Giannis Vsk

■ **ئامادەکاران:** ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- پاشکۆی سێهەمی چیرۆکەڵە
- بە تامی چیرۆک
- ئەم ژمارەیەی چیرۆکەڵە پێشکەشە بە:

ماмۆستا "شەریف حوسێنپەناهی" کە حەوت ساڵە بێسەرووشوێن و بزرە.

- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

١١ی خەزەڵوەر ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## "ئەو شاعیرەی لە ئێوارەیەکی سپی پۆشدا ون بوو"

ئێستا من نازانم چەند شەممەیە و چەندی مانگە! تەنانەت نازانم کاتژمێر چەندیشە تەنیا ئەوەندە دەزانم ناو دەمم دەڵێی ژەهری مارە و سەرئێشەیەکی قورس وەخەبەری هێناوم، بەو کزە با ساردەی خۆی لە ڕومەتی شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەم هەڵدەسوێ و هاشو و هووشی تا بن گوێچکەکانم دێت هەست دەکەم پاییز بێت یان لانیکەم سەروبەندی پاییز! زەینم ئەوەندەش کوێر نەبووە جیاوازی دەنگی سەرەتای پاییز و ئەوەڵی بەهار لێکنەکەمەوە یەکیان شەماڵەشێتەیە و سەری دوایین بەفرەکان دەخوا یەکیشیان بایەکی بێڕەحمە تەمەنی گشت گەڵاکان ڕادەماڵێ بێ هیچ جیاوازییەک ، چ گەڵای ناو حەوشی میر و بەگ بێت چ گەڵای حەساری ماڵە هەژارێک ئەرکی ئەو داڕنین و ڕاماڵینە ئەگەر ئەو شووشەیە نەبایە ئێستا منیشی وەک گەڵای دارەکان تێکەوەدەپێچا..

ئیستا من نە دیوی خۆم و نە مێزی کاری تایبەتم هەیە کە ڕۆژ ژمێرێکی لەسەر بێت و نە کتێبخانەیەکی بە دڵی خۆم لە پشت کورسی دانیشتنەکەم کە لە 'بەک گراندی' هەموو عەکسەکانم دا پۆزی پێوە لێدەم و لە کاتێکدا قەڵەمەکەی ناو دەستم بە ژێر لێومەوە نووساندووە چاو لە شوێنێکی نادیار بکەم و وێنەگرەکەم بڵێ"مامۆستا ئەم زاویەت مەحشەرە!"

من ئێستا ون بووم دەزانی؟ ون بوونێکی تاڵ ون بوونێکی بە ئەنقەست کە ئیتر لە توانای خۆشمدانیە خۆم بدۆزمەوە ئەوەندە ون بووم کە نازانم لە کوێم ، کێم ، چکارەم ، تەنیا ناوێکی زیندووم و کۆمەڵێک وێنەی تۆز لێکەوتووی بەر لە ون بوونم ، نامیلکەیەکی شیعریش پڕ لە وشەی جوان جیا لەو وشە ئاساییانەی ڕۆژانە بە دەمی خەڵک دا دێن ! ئەی چۆن من شاعیر بووم ...

کە دەگەمە ڕستەی شاعیر بووم ، ئەو تاڵیە ژاری ماریەی ناو دەمم دەخزێتە ناو گەروم و بە هەناسەیەکی قووڵتر دەئاڵێتە دوایین شوێنی سیەکانم دواتریش وەک فرمێسکی نیوە هاتوو و نەهاتوو لە قولینچکی چاوەکانم دا قەتیس دەمێنی ، ئەی هاوار ئاخر چۆن دەکرێت لەم عەسری پێشکەوتن و ئەو هەموو ڕاگەیاندنەدا مرۆڤێک ون ببێت بەم شێوەیەک کە هیچ کەس سەر و سۆراغی نەزانێت یان باشتر وایە بڵێم هیچ کەس سەر و سۆراغیشی نەگرێت ...

من بەم ون بوونەی خۆم ڕاهاتووم و لەم چەند ساڵەی لە ون بوونم تێدەپەڕێت ژیانێکی ترم دەستپێکردوە ، چاک یان خەراپ خووم بەم وەزعە گرتووە و حەز ناکەم وەبیر خۆم بێنمەوە کە چی بوو ئاوای لێهات دەزانی چۆنە ژیان وەک درامایەکە پڕ لە هات و نەهاتی سەیر دەڵێی کەسێکی

شێت سیناریوی بۆ نووسیوی لانیکەم بۆ شاعیرێک وایە ! جیاواز لە چینەکانی تری کۆمەڵگا هەڵبەت شاعیر دەڵێم ئەوانەی کە خۆیان بە شیعر هەڵواسیوە نا ! ئاخر لەم چەند ساڵەی پێش ون بوونم گەیشتمە ڕادەیەک خەریک دەبوو بێزم لە شیعر هەڵدەستا و بە دەیان جاریش خۆم و شیعرەکانم دەدایە بەرشەق ، تەنانەت ئەو ڕابردوویەی کە بۆ شیعر نووسینیشم تەرخان کردبوو! کەسانی ئاسایی نابنە شاعیر ئەگەر شیعریش بنووسن! شاعیرەکان لە هەمان کاتدا کە شاعیرن مەجبوورن هەر پیشەیەکی تریشیان ببێت بۆ بژێوی ژیان لەهەمان کاتدا کە بە ژانی شیعرەوەن دەبێ هەم کرێکار بن هەم کرێچی بن هەم بازاڕی بن هەم لە دام و دەستگاکاندا خەریکی ئەرک و ئیشەکانیان کەسێکیش لێیان بپرسێت چ کارەن هەموو شتێک ئەگەری ئەوەیە هەیە لە وڵامەکانیان دابێت جگە لەشاعیر بوون، ئەگەر جارێکیش بە هەڵە لە دەمیان دەربێت ڕەنگی سووری شەرم دەکەوێتە سەر ڕوخساریان و تەرەف لە دڵی خۆیدا دەڵێ حەی وەڵا کەسپی چاکی ڕەچاو کردووە ، ئەوە بە پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژ ئاوایە کە کەسێک شاعیر و نوسەر بێت لانی کەم بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ لە خزمەت هونەرەکەیدا بێ و لە ناو کۆمەڵگا و تەنانەت کەس و کاریدا وەک گای قەشان چاوی لێنەکەن ، شاعیر بوونی ئێرە لە ناو بازنەیەکی بەرتەسکی چەند سەد کەسیدایە کە وەک گولی دور لە ئاوایی بەینابەین لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە یان ساڵی جارێک کۆڕێکیان بە بەهانەیەکەوە پێدەگرن و کۆمەڵێک لە دەور و بەریەکانیان دێن ( هەڵبەت زیاتر بۆ بەشی پەراوێزی کۆڕەکە واتە مۆسیقا و فیت و هوڕ و چاو لەوەڕاندن) ئەوەی کە سەیرە لە ناو کۆڕی ئاوا گشتیشدا تەنیا چەپڵە و هەرا بۆ شوعارە بە ناو شیعرەکان لێدەدرێت و مەخابن کاتی خوێندنەوەی شیعری شاعیرێک کە بە واقیع شیعر بێت کەس گوێ ڕایەڵی بێت و جار و بار لە دەم خۆیەوە نەڵێ ئەوەش ئێمەی پێ شێتە!

شاعیری قوڕ بەسەر تەمەنێک بە غەریبی و بێ وازی لە ناو خۆی و کۆمەڵگا و خێزاندا دەژی و کە سەریشی نایەوە هەرکەس لەولاڕا هات لە کەوڵەکەی دەبێتە ساحیب ، ئەوەی کە دوراودوور جارێک ناوی بیستبێ خۆی دەکاتە هاوڕێی هەمیشەیی و بە دەیان مەرسیە و شین گێڕی بۆ دەنووسرێ و هەزار و یەک ناو و نازناوی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەی ڕەپاڵ نێوەکەی دەخەن و..

ئەوەی کە نازانم چەند شەممەی هەفتەیە برێک ئازارم دەدا ! ئێستا حەزم دەکرد بەفر باریبا لەناو سپیایەکی بێ کۆتاییدا نووقم بیام..

ئەو ڕۆژە بەفر باریبوو هەر لەبەیانیەوە بێ پسانەوە من ئێوارە لاوێکی ڕووتەڵەی

خوێن گەرم بووم ، هەستی نیشتمانێک ژان لە دەمارەکانمدا رایەڵەی دەکرد و حەزم لە پۆلێک وشەی نوێ بوو کە جیاواز لەو وشانەی تا ئێستا فێریان ببووم ، ئەوەی کە مرۆڤ بە زمانی دایکی خۆی بنوسێ لەوانەیە شتێکی ئاسایی بێت و مافی خۆیەتی بەڵام بۆ ئێمە وەک کەشفێکی تازە بوو ، دەتگووت سەرلەنوێ لە دایک بوومەوە من هەمیشە حەز بە بارینی بەفر دەکەم ئەو ئێوارە بەفر ئەوەندە جوان بوو هەستم کرد خۆشم کەلوە بەفرێکی ڕەهام کە بەر لە کەوتنە سەر زەوی هەزار و یەک خول دەخوا لە ناو دەریایەک سپیایدا مەلە دەکات حەزی ئەو ئێوارە سپی پۆشە و ئەو کەشفە نوێیە دڵی خستمە خورپە و چاوەکانم بوونە جیهانێک بریقەی گەش، ئەو ئێوارە من لە سەر کێشی " مفاعیلون مفاعلیون "دا بەسەر بەفرەکەندا دەڕۆیشتم ، لە ناو بەحری هزجی موسەممەنی مەحزووفدا لایەکم هێشتا لە 'سابڵاغ ' نەگەڕابۆوە و لایەکەی ترم لە دەشتەکانی 'شارەزوور ' دا دەخولایەوە ، ئەو ئێوارە خۆم شاهیدی خۆمم کە گیرفانم سەوزەڵەی دەگوتەوە تەنانەت کرێ تەکسیشم پێ نەبوو بچمە هۆڵی دانیشتنی کۆڕێکی ئەدەبی ، ئەو ئێوارە من خوێنم لە هەموو کات گەرمتر بە ناو دەمارەکانی لەشمدا دەسووڕایەوە من بووم و دەفتەرێکی پڕ لە حەز و خولیا و پۆلێک وشەی عاشقتر من ببوومە ئێوارەیەکی سپی پۆش ببوومە خودی بەفر ببوومە زستانێکی دڵتەڕ ، ببوومە ... ببوومە هەموو شتێک جگە لە خۆم ڕەنگە سەرەتای ون بوونم هەر لەو ئێوارەوە دەستی پێکردبێ بە بێ ئەوەی خۆم بزانم!

شەوی دوای ئەو ئێوارە شەوی دوای ئەو سپیایە جوانە شەوانی دوای ئەو کەشفە نازەنینە ئیتر چۆن بڵێم تەواوی ڕۆژەکانی ترمی هەڵتەکاند...

"کۆی کەوە ئەو کتێبە شڕانەت لە کوێ بووە؟سد وەڵا بابە جوانە قوونمان زۆر خاوێنە هەر ئەو بەزمانەمان کەمە ، هاوتەمەنەکانی تۆ خێزانێک بە خێو دەکەن دەتهەوێ ئەم وشانە بۆت ببنە نان و ئاو؟ چاوێک بە مێژووی ئەو نوسەر و شاعیرانەدا بگێڕە هەموویان لەبرسان مردوو و ..."

ئەو ئێوارە سپی پۆشە بوو بە دەیان ئێوارەی سپی پۆشی تر ، لە دەیان ساڵی کە بە چاو قووچانێک تێپەڕین بە دەیان ئێوارەی سپی و سپی تر و سپی تر تر و بگرە عاشقتر " ئامادەبوانی ئازیز زۆر خۆشحاڵم لە خزمەت ئێوەدا ئەم شیعرە..."

"دۆستانم هاوڕێیانی ماندوونەناسی گۆڕەپانی ئەدەب ، ئەو کتێبەی کە ئێستا پەردەی لەسەر لادەبردرێت بەرهەمی ساڵانێک شەو نەخوونی و ..."

"لە کۆڕی ئەمڕۆماندا ڕێز دەگرین لە ..."

هەموو ئەو ئێوارە سپی پۆشانە لە ناو ڕۆژ ژمێرەکانی ئەو ساڵانەدا زەق بوون و

دەناسرانەوە هەر ئێوارەیەک بەفر باریبا من لەوی بووم لە هەر قوژبنێکی ئەم نیشتمانە ئێوارەیەک بەفر باریبا منیش بووم ئەوەندە کە خۆشم بوومە بەفر سپیایی ئەو ئێوارانە یەکەم جار لەسەر سەرم نیشت دواتر دڵم دواتریش تا بە خۆم هاتمەوە ببوومە پیرە زستانێکی خوێن تاڵ لەناو سوننەتی نەتەوەیەکی ئاخر چ بڵێم ! ژیان لەوە بێ ڕەحمترە بتوانی تا کۆتایی لە ئێوارەیەکی هەرزەکار و ناو سەمای کەلوە بەفردا بمێنیەوە ..

"من چ گوناحێکم کردووە بوومە هاوسەری تۆ ؟ من بە جاڕ و جەحەندەم ئەم مندالانە تاوانیان چیە؟ نابێ بۆ داهاتوو ..."

من نیشتمانم خۆش دەویست بە هەموو ئێوارە سپی پۆشەکانیەوە ، من شتێکم لە ژیان نەدەویست من خۆم دابۆ دەست بایەکی یاخی من حەزم لە بەفری تازە باریوو بوو تەنیا ، من خەریک بوو دەبوومە دیکتاتۆری ناو خۆم ! خەریک بووم لەگەڵ وشەکاندا جووت دەبووم من ڕۆژەکانی هەفتەم لەبیر کردبوو من هەڵە بووم؟

من ئێستا نازانم لە کام شارم و لە چ قوژبنێکدا خۆم وەک گرۆڵە گوریسێک کۆ کردۆتەوە ، من سالانێکە خەبەری هیچ کەسم نیە نازانم ئێستا کچەکەم جلی سپی ئێوارانی لەبەر کردووە ! یان کوڕەکەم لە ناو تەپ و تۆزی وێنەکاندا چیم پێدەڵێ ، دوور نیە ژنەکەم لە خەڵوەتی تەنیاییدا

سینگم لێ نەکوتێ و "باشتر کە ون بوو ! بوونی چ سوودێکی هەبوو؟ بریا چووبایە بۆ شەڕ لانیکەم بە مردن یا بێ سەروشوێن بوونی قازانجێکمان پێدەگەیشت"

"لەو ئاخیراندەدا گۆشە گیر ببوو بۆ کۆڕەکانیش نەدەهات"

" تەواو لە کەلەی دابوو بە گژ هەمووماندا دەهاتەوە .."

" سەری خۆی دانا ، چووزانم لەوانەیە ..."

کەوتمەوە بیر ئەو وت و وێژەی لە ناو گۆڤارێکدا لە گەڵ منیان کردبوو هەڵبەت من خۆم ئاگادار نیم ! دوای چەند ساڵ ون بوونم بە سودفە کرِیم و کە چاوم پێکەوت زۆرم پێ سەیر بوو ، ئەو کەسەی وت و وێژەکەی لەگەڵ من کردبوو بە کوڕی من دەشێت بیرم نایە هیچ کات لە نزیکەوە دیتبم، لە وێنەکەی خۆی کە لەسەرەوەی وت و وێژەکە دانرابوو زانیم کە لاوێکی هاو تەمەنی کوڕەکەی منە وت و وێژێک کە ڕووحم لێی خەبەر دار نەبوو !

سەرەتاییەکی لە پێشدا نووسیبوو و ئاماژەی بە کات و شوێنی ئەو وت و وێژە ساختەیە کردبوو پێکەنینم دەهات و بەزەیشم بە خۆمدا دەهاتەوە..

لە ئێوارەیەکی پاییزی ساڵی... لە کاتێکدا لە دەرێ باران دەباری لە دەفتەری کارەکەم لە گۆڤاری ... شاعیری نیشتمان پەرەوەر و ناسک خەیاڵ .... شانازی ئەوەی پێبەخشیم کە بۆ چەند کاتژمێر لە

خزمەتیاندا بم ، بە داخەوە ن اوبراو ئەوە چەند ساڵە ونە و بێ سەرو شوێنە بۆ یادێک لەو بەڕێزە کە خزمەتی زۆری بە زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەی کرد بە ئەرکی خۆم زانی ئەم وت و وێژە بۆ یەکەم جار بڵاو بکەمەوە..

باسێکی چڕ و پڕ و پڕ لە وردە کاری و نهێنی ژیانی تەنانەت تاکە کەسیمی تێدا بوو کە زۆریان هێشتا بە مێشکی خۆشمدا نەهاتبوون ! باس لە زۆر لایەن و دار و دەستەی کە کاتی خۆی چالاکیم تێیاندا هەبووە ! و تەمنێک پڕ لە سەروەری و ئاسوودەیی ژیان کە من لە ژیانی ڕاستەقینەمدا بە خەونیش پێیان نەگیشتبووم ..

کە ئەو وت و وێژەم دەخوێندەوە جیا لەوەی لەو درۆ زەلامەنە قەڵس بووم و ئەگەر لەو کاتەدا نوسەری ئەو دێڕانەم وەبەر دەست بکەوتبا لەوانە بوو بیخنکێنم ، لە هەمان کاتیشدا بەو قسە خەیاڵی و جوانانە باڵم دەگرت و خۆم بە کەسێکی تا سەر ئێسقان بەختەوەر دەهاتە پێش چاو ، لانیکەم ئەوەندە سوودەم هەبووە بۆ پڕکردنەوەی چەند لاپەڕەی گۆڤارێکی ئەدەبی بکرێمە چوزانم کێ ناڵێ ئەو لاوە کە ئاوا بە هەست و سۆزەوە ئەو وت و وێژەی ڕێکخستووە ڕێک لاویەتی خۆم نیە لەو ئێوارە سپی پۆشەی بۆ هەتا هەتایە منی لە گەڵ بەفرەکاندا برد..

✍ فەرهادساڵحی فەر



📷 Nicole Nikki Brody

## "بزر"

بەڵێ خەون بوو. من لە دایک نەبوووم. من قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەنێو ئێوەدا نەژیاوم. تێدەپەڕێ، ڕادێن، ڕۆژێک دێ ئەم گەنەخەوە فەرامۆش دەکەن؛ ئەوڕۆژەی من لە دایک دەبم. ئەو ڕۆژە ئیتر وەک ئەو کاتەی لە نێو گەنەخەونەکانتاندا بێزراو بووم، نامبینن. کە هاتم مانای ڕاستەقینەی لەدایکبوونتان بۆ دەردەکەوێ. ئیتر کەستان نازانن قێز چییە. لەبیرتان دەچێتەوە کە چۆن پیساییتان بە جوانی داکردووە. ئیتر ڕێگری لە پشکوتن لە تویی هیچ کتێبێکی پیرۆزدا ناخوێننەوە. کات تەمەن درێژ دەبێ بۆتان؛ بە چرکە دەڵێن ساعەت، بە خولەک دەڵێن ڕۆژ و بە ساعەتیش دەڵێن ساڵ. چرکەیەک ماچ بە سەعاتێک تێپەڕ نابێ لێتان. خولەکێک ئەوین بۆتان بەقەت ڕۆژێک درێژ دەبێتەوە. سەعاتێک تێکئالان بە ساڵێک ڕادەبرێ لێتان. مۆسیقای دەنگتان ئامێرەکانی مۆسیقا لە ژەنین دەکشێننەوە. تێدەگەن ون بوون، یانی لەدایک بوون. ئێستا یانی حەوزەمانە... ئازار یانی بەخت. نەهات یانی هات. هیچتان تێدا نامێنێ، نە ژمارە، نە کاتژمێر. ڕاوەستن با من لەدایک بم!

تێدا ماوم، بەیانی زوو لەدایک بم، یان شەو درێنگ؟ لە کونێکەوە لەدایک بم، یان لە هەزار کون؟

کە لە دایک بووم. پارەکانتان چیتر پارە ناکەن. ئیتر منداڵی هیچتان ون نابێ تا پێویست بکات لە مزگەوتەوە بانگەوازی بۆ بکەن. جگە لەخۆتان کەس بەجێ ناهێڵن. جگە لە خۆتان کەس لە چاوەڕوانیدا ناهێڵنەوە. ئەو ڕۆژە لەگەڵ لاتەکانتان ئاشت دەبنەوە. دەمی با دادەخەن، دەرخۆنەی سەرما دەنێنەوە. بەرلیکە بۆ منداڵەکانتان ناکڕن، لێ دەگرێن لیکی منداڵەکانتان لەسەر سینگ و دڵیان نەخشەی نیشتمان بنەخشێنێ. دڵڕەشی لە تابلۆیەکی ڕووتدا دیل دەگەن.

هەست دەکەم هێشتا ئێوە لە من تێ نەگەیشتوون! دەڵێم واتان لێ دێ پێویستتان بە زمان نابێ، زمانی دایکیی هەمووتان دەبێتە زمانی دڵتان. با لە دایک بم، با لەم لاتییەی نێو گەنەخەونەکانتان ڕزگارم بێت. با لەدایک بم، دووکانی هەناسەیی دادەنێم، شیشێک هەناسە، بە دراوێک ماچ دەفرۆشم. ئافەریم دڵی من، تۆ زۆر بەخشەندەی. بەردەوام بە! وانەکانت جوان بنووسەوە. دەست و خەتی تیرەکەت خۆشتر بکە. خوێن ڕەنگێکی گەرم و پێویستە بۆ نووسینی چیرۆکە ساردەکان. مامووتەکان هێشتا ماون. جوان گوێ

هەڵخەن گوێتان لە دەنگی ماموتی ناختان دەبێ.

لەدایک بوونێکی شیاو بەخۆم قەرزدارم. با چلەی گەنەخەونەکانتان بچێ، لە دایک دەبم. لە کەرێکی باڵداری دێمە خوارێ و، خودا دەپێژم و هەڵی دەخەم و کە جوان جوان وشک بووەوە، تەندوورەکەی پێ دا دەخەم و نانی بۆدووکەڵی خوداتا دەدەمێ. شەو دەکەم بە بووکەڵە و بە دیاری دەیدەمە دەست کچۆڵەکانتان. با لە دایک بم! دەتانبەمەوە سەرەتای هێڵ. شەرەفتان لەبری چاوەزار بەسەردا دەبەخشمەوە. قامکی ئاماژەتان ماچ دەکەم. دەست پێوەدەگرم، بە ئێرەییەکانتانەوە؛ پێخۆریان پێوە دەکەم. با لەدایک بم، ڕەنگە زەرد هەڵگەڕوەکانتان لە زەینمدا سوور وێنا دەکەم. دەنگی نرکەنرکی لەدایک بوونم دێ! ڕا ناوەستم تا خۆرگیرانی داهاتوو! بەم زووانە لەدایک دەبم! لە کاتژمێر ٠٠:٠٠ی ئەم شەوانەدا لەدایک دەبم. سەرەتا مردووەکانتان زیندوو دەکەمەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆتر بیاننێژنەوە؛ ئینجا بۆخۆم لە بزربوون دایک دەبم و، ئەم چیرۆکەشێعرەتان بۆ دەخوێنمەوە: "بەڵێ خەون بوو. من لەدایک نەبووم. من قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەنێو ئێوەدا نەژیاوم..."

ئەرێ ئەوە من دەڵێم چی؟ چیرۆکەشێعری چی و قوڕیاتی چی؟ لەبەرکێ دەپاڕێمەوە؟

بۆچی دەپاڕێمەوە؟ ماڵوێرانێکی بێ ناسنامە، کە هەر ڕۆژە و لەقوون دەرکێک و لە وڵاتێکە، لەدایکبوونی چ قازانجێکی هەیە؟! ئەویش لەدایکبوونێکی ئاو بێ قیمەتانە!؟ ئەگەر ئێوە نەبان من لێرە چم دەکرد؟ بەهۆی ئێوە خۆم هەڵوەدا کردووە! بەڵێ مێشێکیش گیان خۆشەویستە! هەی بێ هەستی ترسەنۆکانە! ترسەنۆکیی ئێوە نەبایە من بۆ ڕاو دەنرام؟! هەڕەشەم لێ دەکرا؟! بەرهەمی یەک عومر ماندووبوونم لێ دەدزرا؟! بۆ وازم لێ ناهێنن؟ تا کەی لێم دەگەڕێن؟ خۆ ناتوانن بێن بۆ دۆزەخ بەدوام دا! زۆرباشە، وەن بمبیننەوا! بەڵام دڵنیابن درێنگ دەگەنێ! لە داخی ئێوە خۆم دەکووژم! تاوانی خۆکوژییەکەشم لە ئەستۆی ئێوەیە، ئێوەی گەمژە! زۆر باشە! دەچم خۆم دەکووژم! هەر ئەوەتان دەوێ؟! بۆ لە کۆڵم نابنەوە؟! بۆ لێم ناگەڕێن بگەڕێمەوە سەر پیشەی باب و باپیرانم و وەک قەرەچییەک بژیم؟ ئەگە ڕاست دەکەن بۆ کاتی خۆی کارێکتان بۆ نەدەکردم؟! نەکەی نەکەی! ئەوە بەتەمای چیی؟ بەتەمای چیم!؟ خەریکم بەقسەی خۆت دەکەم! مەبەستت کام قسەیە؟ خۆکوژی! ماڵاوااااا... مەترسە! ئەوە هاتم، ئەوتا لێرەم! مەترسە من ڕزگارت دەکەم! ئەو کارە قوڕە چی بوو کردت؟ چا بابە ئەو قوربەسەرییەی من چاولێکە، جاوەرە نەتوانی خۆشت بکووژی! لە هیچ جێیەک لە کۆڵم نابنەوە! ئەی هاوار یەک چرکەش وازم لێ ناهێنن! تۆ بەم بەیانییە زوویە

لێرە چی دەکەی؟! مەگە ئەمڕۆ ڕۆژی پشوو نییە!؟ ئێستا تۆ دەبوایە وەک خەڵک لە ماڵێ لەنێو جێ دابوایەی! من ناتوانم بخەوم! دەی باشە بۆ ڕاست هاتیە سەر ئەو پردە؟ لەم بەقوڕێ گیراوە پردی دیکەت وەدەست نەدەکەوت؟! کوێر بووی ئەو پردە من گرتبوومەوە؟ من و تۆ لەیەک دەچین، ئەوە سەیر نییە؟! ئەرێ سەیرە، سەیرێکی کەرانەیە! باشە بۆ ئاوا نالەبار خۆت بەرداوە؟ نەدەکرا بڕێک جوانتر خۆ فڕێدەی؟! بڕێک شاعیرانەتر؟ لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ، وەکوو یەکمان لێ قەوماوە! پێم وانییە وابێ! بۆ؟ لەبەر ئەوەی لێقەوماوی من ئەوەیە، هەستم بە ئازارەکانی گەلێکی بێهەست کردووە. جا بۆیە پێم وانییە تۆ لێقەوماوی وات هەبێ! نا.. وا نییە، منیش هەستم بە گەمژەییەکانی گەڵێک دەکرد بەر لەوەی هەست بە گەمژەییەکانی خۆم بکەم! باشە شاعیرێکی وەک تۆ، بۆ دەبێ وابیربکاتەوە؟! تۆ شاعیری، پێغەمبەری! دەتوانی دنیا بهەژێنی و بەکەیفی خۆت دابڕێژییەوە! دەی باشە، تۆ پێم بڵێ چۆن؟ پێم بڵێ چی بکەم! من چووزانم، خۆ خودا نیم! خواد نی بەڵام شاعیری، پێغەمبەری، ڕێبەری، چووزانم ئەو شتانەی کە هەمووکەسێک وەدوای دەکەوێ! ئەبلە خەرجی بە شێعرەکانتەوە بکە، پێیان بچۆ بۆ تەواوی دنیا، بۆ خۆ نواندن! جلی خەوی خز لەبەر بکە! وا بزانم لێرە ئەوەندەی شتی ناسک و خز لێیە، کە شاعیرەکان کەیفیان پێی بێت! ئەی تۆ؟ تۆ بەچی کەیفت ساز دەبێ؟! بە تەنیایی، بەڵام بەتەنیایی نێو قەرەباڵغی. بە بێمنەت شێعر گوتن. شێعرگەڵێک کە بەهۆی چاو لەدەستیی ئەم و ئەووەوە نەمنووسیبێ. ئەوشتەی کە ئێستا پێویستیم پێیەتی! بڕێک کاتە، بۆ ئەوەی بتوانم خۆم ساغ بکەمەوە و ئینجا بگەڕێمە بۆلای ژن و منداڵەکانم! منت وەک چی دێتە بەرچاو؟! کاتێک کەسێک لە حەوت ساڵ دا خۆی پێ ساغ نەبووبێتەوە، حەفتا ساڵی دیکەش خۆی پێ ساغ نابێتەوە! حەقتە، ئەو قسانە بۆتۆ وەک ئاو خواردنەوە وان، تۆ شاعیری، بۆیە قسەی وات بۆدێ. بەوەی نییە ئەم قسە زلانە دەزانی، ئەگەر من دەرم نەهێنابایەوە کێ دەمرد؟! ئەی ئەگە تۆش کەسێکت بۆ ڕزگارکردن وەدەست نەکەوتبایە، کێ دەمرد؟! ئەوقسەیەم لە فیلمێکدا بیستووە! لەو قسەیە گەڕێ، جگەرە پێ ناکەی؟ چاو لێ بکە، من بەم بەیانییە زوویە، ئەویش بەم پشوویە، تاقەتی شێتە شێتەی تۆم نییە! ڕاست دەکەی، دەی باشە ئێستا چی بکەین؟! چی وەک چی؟ تۆ منت لە مردن ڕزگارکرد، یانی هیچ چاوەڕوانییەکت لە من نییە؟! نا هیچم لێت ناوێ، هەروا لە خۆڕا بازمدا! ئەویش لەبەر ئەوەی، باش نییە بێڵی خەڵک لەبەر چاوت بمرن! هەست دەکەم ئەم قسانەشم لە فیلمێک دا بیستووە. لەوە گەڕێ، ئێستا چی بکەین؟! هیچ! تەنیا وازم لێ بێنە! بەزیادم

نەکردن هەرچی شاعیرە هەمووتان وەک یەکن! لەخۆڕا کارێک دەکەن و دواییش ئەنجامەکەی کۆ ناکەنەوە! واز بێنە، من تاقەتی چەلەحانێ لەگەڵ تۆم نییە! سەرچاوم هاتی! ناوت چییە؟! شاعیر! گوێ بگرە شاعیر، ئەگە بڕۆم خۆ دیسان ناچییەوە خۆت بەردەیەوە؟! لە کوێ؟ بەکەرم دەزانی، مەبەستم لەپردەکەوەیە! نا، لە پردەکەوە نا، لە بوورجێک لە جێگایەکی باشتر خۆم بەردەدەمەوە، وابێ کەس نەتوانێ ڕزگارم بکات. تۆش زانیت ئاوە بۆیە خۆت فڕێدا، ئەگەر سیمان یان بەرد بوایە خۆت فڕێ دەدا؟ ئەو پرسیارە قۆڕەی؟! بۆ قۆڕە؟ چوونکە تۆ شاعیری! خۆکوژیی شاعیرێک ڕێ بۆ خۆ کوژیی گەلێک خۆش دەکات! بەردیش بوایە خۆم فڕێ دەدا، ڕزگار کردنی کەسێک لە دۆخێکی سەخت دا، چێژی زیاترە، تەنانەت ئەگەر سوور بشزانی دەمری. چوونکە گەلێک ڕزگار دەکەی! بۆ ئەوەی ئەو چێژەت پێ نەدەم، ئیتر خۆم ناکووژم! تۆ پیاوێکی باشی! نا تکایە! ئەوەت لە بیر نەچی! مالاوا! مالا...وا! ڕاوەستە بزانم، خۆ ناتهەوێ ژیانت بەشتی قۆڕەوە خەریک بکەی! بە چییەوە؟! چووزانم! بە وەبەر ماشێن کەوتنی سەگێک لە بورکینافاسۆ؟ ڕێکخستنی کرێکارانی جیهان! جا بۆ دوور بڕۆین، ڕێکخستنی کرێکارانی کوردستان؟ ڕاست دەکەی! قوربەسەری لە هەموو شوێنێک هەیە! بۆ یارمەتیی ئەو خەڵکە قوربەسەرە نەکرێ کە لە کوردستانن؟ ئەو کەسانەی لەوانەیە بکرێ ژیانیان... کەسی وەک تۆ؟! ئا... نا! من وازم باشە! وایە، وەڵا وازت زۆر باشە! ئەوە تۆ نەبووی، پێنج دەقە لەوە پێش خەریک بووی خۆی بکووژێ؟! ئەگە من هەمووشتێکم بدەم بە تۆ، تۆ دەتوانی چی پێ بکەی؟! منداڵ بەکەر دەزانی؟! دەیجا دیارە چی پێ دەکەم! دەزانم، دەزانم چی پێ دەکەم! زۆر باشە، ڕازیم، شێعرەکانم پێشکەش بە تۆ! خەریکە فشەم پێ دەکەی؟! نا، ئەوە ڕێک ئەو شتەیە کە تۆ دەتهەوێ! قسەی خۆت بوو! هەر تۆ نەبووی دەتگووت شاعیر زۆر شتی لە دەست دێ! شێعرەکانم بۆ تۆ! ڕازیی؟! بەشێتم دەزانی؟! نا، با بە چیرۆکەشێعرێک دەست پێ بکەین: "بەڵێ خەون بوو. من لە دایک نەبووم. من قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەنێو ئێوەدا نەژیاوم..."

✍ ناسر فەتحی



Tem Erdenebat

## " ون بوونی ناوەخت"

ئاسمان بەجۆرێک تاڵە، لە دەمەو ئێوارەیەکی ناوەخت دەچێت کە ترسی ئاوابوونی ڕۆژ لە کافەیەکەدا بترفێنێ و چی تابلۆ وچی مێز وچی سێبەر و چی فنجانی قاوە و چی ژمارە و چی شەقام و چی کۆڵانە و چی و چی و...هەموو چییەکانی شار لە خێرایی تاکسییەکدا ون کەیت. چاو لە کاتژمێرەکەی دەستم دەکەم، تا پێنجی ئێوارە کاتژمێرێکی ماوە. لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری حەوشەکە دەکەم، هەنارەکان هێشتا پێنەگەیون، دڵم بۆیان لێدەدا؛ دەڕۆمە حەوشە و چەن دانەیەکیان لێ دەکەنمەوە. باوکم نێو چاوی تاڵ دەکات و هەنارەکانیش لەت دەکات، هەموویان کاڵن بە هەزار حاڵ لێیان سوور بووە. دەی ئەمە کەی دەخورێ بە تاڵ و ترشی؟ بۆ وا لەو هەنارانە دەکەن؟ بهێڵن با بگەیەن کاتی خۆی دەیانکەننەوە. بەڵام تەواوی چێژی هەنارەکان لە کاڵبوونەکەیدایە! من حەزم لەو شتانەیە کە هێشتا کاتی نییە و نەگەیون. چەندە ئاشقی ئەم ناوەختییانەم. هەموو کاتێ بۆ هەر کارێک بەپەلەم، تاقەت ناگرم تا کاتی دێت. دەترسم هیچ کاتێ، کاتی نەیەت. دەترسم کاتێ، کاتی بێت کە هەوای ویستنی لە سەرم تێپەڕیبێت. بۆیە دەبێ پەلە بکەم پێش ئەوەی کاتی بێت، لێم خواردبێتن یان هیچ نەبێ تامم کردبێتن، نەکا ڕۆژێک نەردەکان ببن بە بەربەست و دەستم پێت ڕانەگات؛ ڕقم لە هەرچی نەردە و بەربەستە؛ کە ڕێ لە لار بوونەوە دەگرن. باران هەموو شوێنێکی تەڕ کردووە و چەن دانە هەنارێکی لە بن دارەکە داخستووە؛ تا کۆی دەکەمەوە هەموو گیانم دەخووسێ، تەنانەت جلە شینە تازەکانم. بە پەلە هەڕا دەکەمە ژوورەکەم، خەمی برژانگەکانمە تا جلە شینە تازەکەم. "ڕیمڵە"کەم دژە ئاو نییە، دەزانم ئێستا هەمووی بە سەر گۆنامدا پژاوە. جلە شینەکانم دەگۆڕم و سەیری ئاوێنەکە دەکەم بە خێرایی ڕەشبوونەوەکان دەسڕمەوە؛ کەمێکیتر لە هەنارەکە دەنێمە دەمم؛ تاڵ! لە دەمەوبەیانییەکی ناو شێعرێکم دەچێت؛ خەریکە کاتی دەگات، دەبێ پێش ئەوەی کاتی بگات بگەیەم، ڕێک وەکوو ناوەختی هەنارەکان و خواردنی دنکە تاڵ و ترشەکانی کە هیچ نیشانێک لە شیرینی تێدا نییە. چەترەکەم دەکەمەوە، دڵم خێراتر لێدەدات، بیر لە "ڕادیکاڵە"کان دەکەمەوە و لە ئەندامە شکاوەکانی چەترەکەم، کە ئیمکانی ڕاست بوونەوەیان نییە. هەموو شتێک لە بێوەختیدا ڕوو دەدات، چەترەکەیش لە بێوەختیدا شکاوە. دەزانی منیش لە بێوەختیدا بووم بە شاعیر...؟ ئەو کاتەی، کاتی نەبوو خەریکی کۆکردنەوەی تاقمێک وشەی تەڕ بووم و تۆیش لە قوڵایی "مەسەلە"یەکتدا ون ببووی. تا دەگەم دەخووسێم، ئەو بارانە دیسان ڕیمڵەکەم دەشواتەوە و گۆنام ڕەش دەکات، ئێستا چی لە بارانێکی ناوادە کەم...؟ بزەیەک دەمگرێ و "کۆ" دەکەمەوە، کۆ کردنەوەی ساڵەکان. ساڵی هەژدەهەم، نۆزدەهەم، بیستەم... "نمودارە"کان یەک لە دوای یەک کۆ دەکەمەوە تا بیست و یەکێک کە تازە پێی

گەیشتووم. باڵام کێشاوە بە"خەتکێش"ێک کە تەنیا کاری کێشاندنە. ڕاستە و ڕاست بە بێ"منحنی". خەتکێشەکان هێڵەکانیان لار ناکەنەوە، بەڵام من شاعیرم؛ بە هێڵەڕاستەکان قایل نییم. یەک تۆز لاریم لە سەر زیادە؛ ئەوەندە، کە هەست بکەیت لە هێڵەکە چوویتە دەرێ، هەستێکی خۆشە، خۆش وەکوو تامی تاڵی هەنارە نەگەیووەکان؛ خۆش وەکوو گرژ بوونی نێوچاوی باوکم. دەزانی باوکیشم شاعیرە؟ بەڵام ئەو ئاشقی هەنارە پێگەییوەکانە و وشەکانی بە باڵای دایکمدا دەڵێت. باوکم خوێندەواری نییە و وشەکانی بە دەم دەنووسێ بە ڕێنووسی خۆی. من تەنیا ئەوەندەم لاری دەوێ. ئەوەندە نە، کە ببیتە"بازنە"یەک و دایم بە دوری خۆت و دەور و بەرتدا بسووڕێیتەوە؛ ئەوندە کە بتوانی قاوەیەک تا قومی دوایی بخۆیتەوە و سەیری دەور و بەرت نەکەیت و دوای ئاوا بوونیش پێ لە سەر پێ لە تابلۆیەکدا بروانی...دەور دانەوە بەڕاستی شتێکی قیزەونە و من هەرگیز نابم بە "دایەرە"!
چەترە سوورئاوییە گوڵگوڵییە شکاوەکەم کۆدەکەمەوە و لە سەر جێگە هەمیشەییەکەیدا لە پەنای ڕۆژەبارانییەکانمدا، دایئەنێم. ئەو کاتەی کاتی نەهاتبوو ڕیمڵەکەم گۆنام ڕەش بکات، باران چێژێکیتری هەبوو، بۆنی تەڕی شەقامەکان مەستی دەکردم بەڵام ئێستا...هیچ لە نەردەکان گەڕێ. پەردەکەم لائەدەم، دڵۆپەکان ڕوومەتی پەنجەرەکەیان شۆردووەتەوە و من لە شۆردنی چاوەکانم گوزەراوم. تاس هەڵدەخەم! قژم لە ئارەقدا خووساوە، "ئێحتماڵ"ی خستەنەسەر چاوی لە مندا "یەک"ە. چاوانی تەسکتر لەوەن کە دوو جار بمبینێت، چاوی لە سەر قاقەزەکانیەتی، من ماتڵم تاکوو ببێت بە دوو. لە شەقامەکاندا ون بووم. وشکەسییەکانی پیادەڕەوەکە، ڕێک وەکوو بازنەیەکی داخراو گەمارۆیان داووم و من لە "شۆعاع"ێکی بێدواییدا وێڵم. دەستێک گەرووم دەگوشێت، دەستێک کە ونە و لە منەوە دیار نییە...برینی لا لێوم دەسووتێت، برینێک کە بێڕەنگە و بۆ خۆیشم ناتوانم ببینم. لە سەر کورسییەکی "چوارسووچ"دا وەستاوم، سەرت هەر بە قاقەزەکانتەوە گەرمە و بە "مەسەلە" حەل نەکراوەکانت. ئارەقم لێدەچۆڕێ ئارەقێکی سارد؛ تۆ بیر لە وڵامی "مەسەلە"کان دەکەیتەوە و منیش چاو لە دەنگی چۆلەکەکان دەکەم؛ دەڵێی: شێت بووی؟ دەنگ کوا دەبینرێت...؟؟دەڵێم با دەنگەکانیش ڕەنگ و شێوەیان هەیە. تۆ پێبکەنە با ڕوومەتی پێکەنین ببینین...تۆزێ دواتر پێکەنینم لە نێوان "چوارچێوەیە"کدا جێدەهێڵێت. من دەبم بە قولمی گریانێک لە سووچی ژوورەکەمدا.
کات لە گەیینی هەنارەکانیش تێپەڕیووە و مەیلم بە کەندنەوەیان نەماوە. کات، کاتی لە دار دانی گەڵاکانە و من دووگیانم بە چاوەڕوانی و بێزوو بە تامی ترش و تاڵ دەکەم. تەواوی"
معادلە"کانمان تێکداوە، لە پشت دارە ڕووتەڵە بێگەڵاکانەوە دەنگەکان دەبینین. چاودەکەمەوە لە بەردەمما ڕاوەستاوە، خێرا ماندووییەکانی لە باوەش دەگرم و ئێشەکانی ماچ دەکەم. ئاخر ئێستا دەزانێ ئێشیش ماچ دەکرێت. دەزانێ مانعاکان دەبینرێن. برینەکانی نابینم لە برینی لالێوم دەچێت، بێڕەنگە. پێکەنینم لە باوەش دەگریت و دەڵێی: با فرمێسکەکانمان لە بەین"چوارخاڵێکدا" بتاسێنین! دەڵێم: نا نا... با لە"هێڵێکی

مەوازی"دا خەو ببینین. کاتژمێر لە شەش لایداوە و ئازادم لە گەمارۆی "دایەرە"و وشکەسی پیادەڕەوەکان و ئەسفاڵتی جاددەکان. سەیری بلیتەکەم دەکەم، بلیتی بێگەڕانەوە...مرۆڤەکان یەک لە دوای یەک لە پەنامەوە تێدەپەڕن؛ دارهەنارەکان چاوم لێدادەگرن. دایکم بزە دەیگرێت...من کاتەکان، شەقام تۆختر بە دوای خۆمدا دەکێشم، تا کورسییەکی بەتاڵ و لە جێگە بەتاڵەکەتدا دادەنیشم، چەمەدانی موسافیرەکان لە پاڵ یەکەوە تێدەپەڕن. حاڵم تێک دەچێ و هێڵنج دەدەم، دەرمانی دژە ڕشانەوەم نەخواردووە و سەرم سووڕ دەخوات. کورسییەکان پڕن لە ماتڵ بوون پڕن لە ماڵئاوایی بێگەڕانەوە و پڕن لە سەفەری دوو بە دووی ناوەخت. بیر لە پەنجەرەکە دەکەمەوە، باران ڕوومەتی بریسکە داوە؛ بیر لە تۆ دەکەمەوە لە نەردە مەوازییەکان و لە وێستگەیەک کە هێشتا نەگەیوم! تەواوی نەگەیشتنەکان بەدواتدا دەگەڕێم تا ون دەبم. بلیتەکان شوێنی ون بوونیان دۆزیوەتەوە و شەقامەکانی شار بەجێدەهێڵن. هەموو شوێنێک بێدەنگە، هێشتا باران کومسار نەبووە، هەموو جێگەیەک بۆنی بارانی گرتووە، بۆنێک کە حاڵم تێک دەدات، هێڵنج دەدەم! بارانەکانی ئێستا هیچ چێژێکیان نییە؛ دڵۆپەکان خۆیان بە شیشەکەمدا دەکوتن و بەردوام بانگم دەکەن، من ئێستا هیچ دەنگێک نابینم، مەگەر دەکرێ دەنگەکان ببینرێن...؟ لەو کاتەوە نەردەکان لە بێوەختیدا نیگاتیان شاربەدەر کردووە، باران جۆرێکیتر دەبارێت، جۆرێک کە وشەکانم تەڕ نابن. شەوەیەک ڕۆژانێکە جێی خۆش کردووە لە پشت وشەکانمدا و وێستگە بە وێستگە دەمبات و هەر ناگەیەم. وشە نوێیەکان "کۆدەکەمەوە و کەم دەکەمەوە" بەڵکوو وشە تەڕەکان بدۆزمەوە و پاشان خۆم لە شێعرێکدا کۆکەمەوە. من "دابەش" کراوم بە سەر بیست و یەک پاییزدا و حەوت هەنارە "پاشماوەم" بووە بە سفر!

✍ **شەرمین ساڵحی**



📷 Marie-Louise Titze

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەموکوڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەموکوڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!

٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.

٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.

٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ٓٓ ٓ ٓٓ ٓ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ⁕]

٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:

گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،
١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بلاو ناکرێتەوە. ئەو خالانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک ولاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# "بەچکەدێو"

چیرۆک بۆ منداڵان




**نووسینی هاوبەشی:**

ناسر فەتحی

شەرمین ساڵحی

جێگر بەختیار

عەداڵەت کەریمی


پاشکۆی سێهەمی چیرۆکەڵە

وێنەی ڕووبەرگ: Nasir Fethî

| RAWEZHISM

# "بەچکەدێو"

شەوانە دێوەکان لە ئەشکەوتەکانیان دەهاتنە دەرێ و دەچوون لەشارەکان لە پارکی مرۆڤەکان خلیسکێنیان دەکرد.

شەوێک بەچکەدێوێک ون دەبێ!

باوکەدێو دوای گەڕانێکی زۆر بە دوای بەچکەدێودا دەڵێ: "خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە، دەبێ بگەڕێینەوە ئەشکەوت!"

دایکەدێو بە گریانەوە دەڵێ: "من بەچکەدێوەکەی خۆم دەوێتەوە، بێ ئەو ناگەڕێمەوە!"

باوکەدێو دەڵێ: "مەگری دەیبینینەوە، بەڵام ئێستا دەبێ بگەڕێینەوە ئەشکەوت، دەنا مرۆڤەکان دەمانبینن. ئەگەر بمانبینن لەوانەیە بترسێن!"

ئیتر هەموویان بە خەمبارییەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەشکەوت. خەمی بەچکەدێویان دەبێت.

دایکەدێو کە دەگاتەوە ئەشکەوت زۆر دەگری. تا فرمسکەکانی تەواو دەبن دەگری.

باوکەدێویش زۆر خەمار دەبێ!

تاو هەڵاتبوو. کچێکی منداڵ دەچوو بۆ قوتابخانە. کچەکە لە کۆڵانێک ڕەت دەبوو کە هەستی کرد شتێک بەدواوەیەتی؛ ئاوڕی داوە، هیچ دیار نەبوو. بڕێکی دیکە ڕۆیشت، دیسان هەستی کرد شتێک بەدواوەیەتی، جارێکی دیکەش ئاوڕیداوە، ئەوجارەش هیچ دیار نەبوو...

کچەکە ترسا، خێراتر ڕۆیشت، بڕێک هەڵات، ڕاوەستا، ئاوڕیداوە، شتێکی تووکنی بچووکی بینی کە بە ترسەوە دەستەکانی خستبووە سەرچاوەکانی.

شتەچکۆلەکە بەچکەدێوە ونبووەکە بوو!

کچەکە وردە وردە لە بەچکەدێوەکە نزیک دەبێتەوە. بەترسەوە، دەستێک بەسەری دادەهێنێ و دەڵێ: "تۆ چی؟ ئەوە دەگریی؟ بۆچی دەگری؟!"

بەچکەدێوەکە قسەی نەدەزانی.

کچەکە دیسان لێی پرسییەوە: "تۆ چی؟ ناوت چییە؟!"

بەچکەدێوەکە بەترسەوە دەستی لەسەر چاوەکانی لابرد و گوتی: "بچکەدێو!"

بەچکەدێو قسەکردنی نەدەزانی، هەر تەنیا نێوی خۆی دەزانی!

کچەکە گوتی: "تۆ دێوی؟ بەچکەدێوی؟ ئەی بۆ ئەوەندە جوانی؟!"

کچەکە لەترسی ئەوەی بەچکەدێوەکە بە تەنێ بەڵایەکی لێ بەسەر بێت، دەیخاتە نێو جانتای قوتابخانەکەیەوە و پێی دەڵێ: "سەرت نەهێنییە دەرێ! تا لە قوتابخانەوە دەچینەوە ماڵێ!"

کچەکە چووە سەر پۆل، یانی چووە سەر کلاس.

مامۆستا گوتی: "منداڵەکان! دەفتەر و قەڵەمەکەتان دەربێنن! هەرچیم پێگوتن بینووسن!"

کچەکە ترسا ئەگەر دەفتەر و قەڵەمەکانی دەربێنێت، لەوانەیە منداڵێک بەچکەدێوکە لە جانتاکەیدا ببینێت.

کچەکە بەدزییەوە دەستی خستە نێو جانتاکەیەوە. لەپڕ قامکەکانی لە زگی بەچکەدێوەکە کەوت، بەچکەدێوەکەش پێکەنی؛ وایزانی کچەکە بەقەستی خدیلکەی دەدات.

مامۆستا گوتی: "سۆلین بەچی پێدەکەنی؟"

ناوی کچەکە سۆلین بوو.

سۆلین پێی خۆش نەبوو مامۆستاکەی بزانێ پێکەنینەکە هی بەچکەدێوەکەیە.

هەر بۆیە دەستی لە جانتاکەی دەرهێنا و بۆ شاردنەوە پێکەنینی بچکەدێوەکە بە قەستی بڕێک پێکەنی و گوتی: "مامۆستا قەڵەم و دەفتەرەکەم لەلای بەچکەدێوێکە، تا لێی وەردەگرمەوە، تۆ هەرچی گوتت، لەبەری دەکەم، نایننووسم!"

مامۆستا پێکەنی و گوتی:"دەی باشە!"

زەنگیماڵەوە لێدرا، سۆلین جانتاکەی کردەشان و، بەرەو ماڵەوە وەڕێ کەوت.

لە ماڵێ جانتاکەی بردە ژوورەکەی خۆی و بە بەچکەدێوی گوت: "لەم ژووره نەچییە دەرێ! تا بۆخۆم نەتبەم بۆ دەرێ."

بچکەدێو زۆر خەمبار دیار بوو، سۆلین ماچی کرد و گوتی: " خەم مەخۆ دایک و بابت دەبینینەوە!"

بەچکەدێوەکە بەو قسەیەی سۆلین زۆر دڵخۆش بوو. ئاخر ئەو لە هەموو قسەیەک حاڵی دەبوو، تەنیا نەیدەتوانی قسە بکات.

سوولێن تووکە نەرمەکانی بەچکەدێوی داهێنا و بڕێکی نان و ئاو بۆ هێنا.

هەموو شەوێک باوکەدێو و دایکەدێو لەگەڵ منداڵەکانیان، بەهیوای گەڕانەوەی بچکەدێو دەچوونەوە پارکەکە. بەڵام هێندە خەمبار بوون، هیچ خلیسکێنیان نەدەکرد.

سۆلین هەموو ڕۆژێک بچکەدێوەکەی لەگەڵ خۆی دەبردە قوتابخانە. بەچکەدێوەکەش بە بێدەنگی لەنێو جانتاکیەدا دادەنیشت و گوێ بۆ مامۆستا و هاوپۆلییەکانی سوولین هەڵدەخەست. ئیدی فێر ببوو ئەگەر سۆلین دەستی دەبرد بۆ دەفتەر و قەڵەمەکانی، دەستی بە زگییەوە دەگرت بۆ ئەوەی قامکەکانی سۆلین لە زگی نەکەوێ و وەپێکەنین نەکەوێ.

بەچکەدێو وردە وردە خەریکبوو فێری قسەکردن دەبوو.

ڕۆژێک مامۆستای بیرکاری باسی ژمارەکانی دەکرد، هەرکە باسی ژمارەی هەزاری کرد، بەچکەدێو شتێکی گرنگی وەبیر هاتەوە!

ئەو ڕۆژە بەچکەدێو لە ماڵێ بە سۆلینی گوت: "سۆلین لێم بپرسە چەند ساڵم؟"

سۆلین گوتی: "چەند ساڵی؟"

بەچکەدێو گوتی: "هەزار ساڵ!"

سۆلین چاوەکانی زەق بوو، گوتی: "هەزار ساڵ؟ بۆ دێوەکان چەند ساڵ دەژین؟"

بەچکەدێو گوتی: "سەت هەزار ساڵ!"

سۆلین سەری سوورٍ مابوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: "ئەوە بۆیە تۆ باش قسەکردنت نەدەزانی! چوونکە بە ساڵی دێوەکان ئەتۆ هێشتا زۆر منداڵی!"

ئەو ڕۆژە سۆلین گوتی: "بەچکەدێو ئێستا کە تۆ ئاوا چاک فێری قسەکردن بووی پێم بڵێ بزانم لە کوێڕا هاتووی؟ ئادرەسی ماڵەوەتان لە کوێیە؟!"

بەچکەدێو چووە نێو فکرەوە و دوای بڕێک گوتی: "ماڵەکەمان لە ئەشکەوتێکە، ئەشکەوتەکە لە شاخێکە، شاخەکە لە دەشتێکە، دەشتەکە نزیک چۆمێکە، چۆمەکە نزیک پارکێکە! ئەو پارکەی من تێیدا ون بووم.

سۆلین گوتی: "پارکەکە چۆنە؟"
بەچکەدێو گوتی: "پارکەکە پڕە لە خلیسکێن، خلیسکێنی گەورەی سوور!"

سۆلین بە خۆشحاڵییەوە گوتی: "دەزانم کام پارک دەڵێی! "ئەمشەو دایک و بابم ڕازی دەکەم بمبەن بۆ پارک! تۆش دەخەمە جانتاکەمەوە و لەگەڵ خۆم دەتبەم!"

شەو، کاتێک کە هەموو مرۆڤەکان نووستن، سۆلین بەچکەدێوەکەی خستە نێو جانتاکەیەوە و چوو لە دەرگای ژووری خەوەی دایک و بابیدا.

بابی سۆلین دەرگای کردەوە و گوتی: "چیت دەوێ سۆلینۆکێ!؟

سۆلین گوتی: "بابە گیان ئێستا دەمبەی بۆ پارک؟"

بابی سۆلین گوتی: "بەو درێنگەی؟ چ دەکەی لە پارک؟"
سۆلین گوتی: "کارێکم هەیە!"

دایکی سۆلین کە گوێی لە قسەکانی سۆلین و باوکی ببوو، هاتە بەردەرگا و گوتی: "منیش لەگەڵ خۆتان بەرن، منیش پێمخۆشە شەوێک ئەمکاتانە پارک ببینم! ئێستا دەبێ گوڵە پەمەیی و ڕەنگاو ڕەنگەکانی پارک لەبەر ڕووناکیی ئەم مانگەشەوە زۆر جوان دیار بن!"

باوکی سۆلین کە هێشتا هەروا سەری سووڕمابوو، بەسەرسووڕمانەوە گوتی: "دەی باشە با بڕۆین!"

کاتێ گەیشتنە نێو پارکەکە، پێش ئەوەی بگەنە نزیک خلیسکێنەسوورە گەورەکان، سۆلین بڕێک لە دایک و بابی دوور کەوتەوە و گوتی: "دایە بابە یەک دەقە بسووڕێنەوە، پشتم تێبکەن! ئاوڕ مەدەنەوە تا کارەکەم دەکەم!"

دایک و بابی سۆلین، بەقسەی سۆلینیان کرد. سۆلین بەچکەدێوەکەی لە جانتاکەی هێنا دەرێ و پێی گوت: "بەچکەدێو گیان، بڕۆ بۆخۆت لەلای خلیسکێنەکان لە دایک و بابت بگەڕێ و بیانبینەوە. ئەگەر نەتدیتنەوە زوو وەرەوە لای خۆم بەدزییەوە دەتخەمەوە نێو جانتاکەم و دەتبەمەوە ماڵێ. ئەگەریش دیتنەوە، بەڵێن بێ کە بەقەت دایکم گەورە بووم، شەوانە دێم بۆ سەردانت!

سۆلین چاوەکانی پڕبوو لە فرمێسک. هەروەها بەچکەدێوەکەش. یەکتریان لە باوەش گرت و ماڵاواییان لەیەکتر کرد.

خلیسکێنەکان لەپشت تەپەیەک بوون. بەچکەدێو لە تەپەکە وەسەر کەوت و چووە خوارێ.

دایکی سۆلین گوتی: "سۆلینۆکێ تا کەی هەر ئاوا ڕاوەستین؟"

سۆلین گوتی: "ئێستا دەتوانن ئاوڕ بدەنەوە؛ بەڵام وەرن با لەسەر ئەم کورسییانە بڕێک دانیشین."

سۆلین زۆر چاوەڕوان بوو. بەچکەدێو هەر نەگەڕاوە. سۆلین لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئێستا دێوکیلێ دایک و بابی دۆزیوەتەوە و گەڕاوەتەوە ماڵێ، بۆیە دیار نییە!"

لەو کاتەدا کە دەیهەویست بە دایک و بابی بڵێ هەستن با بڕۆینەوە، کوتووپڕ لەسەر تەپەکە، ڕیزێک بریقەی خڕ خڕی بینی. کە جوان سەرنجی دا، بۆی دەرکەوت ئەو بریقانە، بریقەی چاوەکانی بەچکەدێو و دایک و باوک و خوشک و برا دێوەکانیەتی. هەموویان دەستیان هەڵهێنابوو و بە خۆشحاڵییەوە بای بایان لە سۆلین دەکرد.

سۆلینیش هەستا و بای بای لێکردن تا ڕۆیشتن. ئیدی گوتی: "دایە بابە با بڕۆینەوە!"

✍ نووسینی هاوبەشی: ناسر فەتحی، شەرمین ساڵحی، جێگر بەختیار، عەداڵەت کەریمی

# بە تامترە چیرۆک

### ✍ ناسر عەبدوڵڵاهی / شنۆ:

کابرایەک چووە ماڵە جیرانەکەی؛

ـ ئەرێ مام عەلی کەرەکەم پێ بدە هێندێک کاری مەزرایەی پێ دەکەم.

+ لە ماڵ نییە.

لەو دەمەیدا کەر دەستی کرد بە زەڕەزەڕ؛

ـ مام عەلی! ئەوەنییە زەڕەی دێ،

+ یانی تۆ باوەڕ بەو ڕدێنە سپییەی من ناکەی، باوەڕ بە زڕەی کەرێ دەکەی؟!

### ✍ مێهران ئەحمەدیان/ نەقڵی عەبەکاڵێ لە سایینقەڵا

چەند کەس لە بازاڕییەکان دەچن بۆ حەج؛ دوای گەڕانەوەیان لە حەج، کاعەبدووڵا دەچێ بۆ لایان. بەڕەحمەت بێ، لە حاجی ڕەحمەت دەپرسێ: ئەرێ حاجی ڕەحمەت، چ خەبەر لە حەج؟

حاجی ڕەحمەت دەڵێ: عەبدووڵاگیان، لە کاتی بانگی نێوەڕۆدا، تەواوی خەڵک دووکانەکانیان بەجێ دێڵن و هەموویان دەچەن بۆ نوێژ. کاعەبدووڵاش دەڵێ: حاجی! وەڵا لەوەتا ئێوەش ڕۆییشتوون، ئێمەش دووکان داناخەین و دەچین بۆ نوێژ!

## ✍ بڕست:

کابرایەک کوڕەکەی بۆ خوێندن نارد بۆ دەرەوەی وڵات. پاش چەند ساڵان کوڕە هاتەوە. بابی لێی پرسی: ڕۆڵە چت خوێندووە؟ کوڕە کوتی: بابە گیان، زمانی ئاژەڵان فێر بووم؛ دەزانم ئاژەڵ چ دەبێژن!

هەر لەو کاتەدا کەڵەبابەکە قووقاندی، باوکە وتی: ڕۆڵە، ئەو دیقلە دەڵێ چی؟ کوڕە کوتی: ئەوە دەڵێ ئەو مامرە هێلکەیەکی کردووە. ئەگەر چوون ڕاستی دەکرد. ئەوجار چێلەکە بۆڕاندی، بابی وتی: ئەوە دەڵێ چی؟ کوڕە کوتی: ئەوە دەڵێ: کوچکێ لە ئاخوڕەکە دایە نایەڵێ جوان تفاقەکە بخۆم. ئەگەر چوون ڕاستی دەکرد. ئەوجار کوڕەکە کوتی: بابە گوێدرێژەکەت فرۆشت، ئەمەت سەندووە؟ باوکە وتی: ئەرێ ڕۆڵە ئەم کەرەم کڕیوە، بەڵام ئەوەندە درۆزنە، ئەوندە درۆزنە، هەر شتێکی کوت بڕوای پێ مەکە!

مەمنا ئەوندە چووبووە زگ کەرە، وای دەزانی کەرە دەزەڕێنێ و کوڕە تێدەگا!

## ✍ ئاکی بابامیری:

کابرایەک ژنەکەی دەباتە ماڵە مەلا تەڵاقی دا.

مەلا لە کابرا دەپرسێ: بۆ تەڵاقی دەدەی؟ عەیبی چییە؟

کابرا دەڵێ: تەڵاقی دەدەم مامۆستا، عەیبیشی با هەر بۆخۆم بزانم!

مەلا دەڵێ: ژنەکەت حیزە؟ دزە؟ لووتت پێدا ناهێنێ؟ ئاخر نابێ بزانم عەیبی ژنت چییە جا بۆت تەڵاق دەم؟ تاوێکی باش هەر قسەیەک لە کابرا و قسەیەک لە مامۆستا، ئاخری مەلا دەڵێ: ئەو ژنە عەیبی نییە و بۆت تەڵاق نادەم. کابرا ژنەی دەباتەوە ماڵێ و دەگەڕێتەوە لای مەلا؛ دەڵێ: مامۆستا ئەگەر عەیبەکەیت پێ بڵێم بۆم تەڵاق دەدەی؟ مەلا دەڵێ: ئەگەر عەیبی گەورە بێ و ئی چاکبوونێ نەبێ بۆت تەڵاق دەدەم. جا کابرا هەرتک دەستی (وەک وەبەر شێرەی ئاوی بدا) پێکەوە دەنێ و دەیباتە بەر لووتی مامۆستای و دەڵێ: دەعباکەی ئەوەندەیە! مەلا ڕازی دەبێ و ژنەی بۆ تەڵاق دەدا. ساڵێ تێ وەردەسووڕێ کابرا لە مەجلیسێک تووشی مەلا دەبێ؛ بەرەوپیری دەچێ و سڵاوی لێ دەکا و دەڵێ: مامۆستا دەمناسییەوە؟ ها پارەکە هاتمە خزمەتت، ژنت بۆ تەڵاق دام؟

مەلا دەڵێ: دەتناسمەوە و ڕووی دایک و بابانت ڕەش بێ، لەوەتی عەیبی ژنت پێ کوتووم، هەتا لە نوێژێدا دەگەمە قنووت، نوێژم لێ باتڵ دەبێ!

## ✍ خدر محەممەدی ـ پیرانشار/ نێو مەنگوڕان و دوولینگ؟

مەلا کەماڵ سەددیقی، وێنەهەڵگر گێڕایەوە: زستانی ساڵی ٩٠ی هەتاوی، شاڵوارێکی شیک و تەنگم لەبەر کرد، کامێرام دەست دایە و بۆ فیلمبەرداری شاییی ماڵێک لە نێو مەنگوڕان چوومە ئاواییی ترکەشی خوارێ. دەبووایە بەر لەوەی نانی نیوەڕۆی شایی دابندرێ، فیلمم لە بەشداربوان هەڵگرتبایەوە. بۆ ئەم کارە، ڕووم کردە دیوی ژنان کە هەر جمەیان دەهات. ژوورەکە ڕووناکاییی کەم بوو. لە زارکی دەرکێ داهاتمەوە هەتا دووشاخەی پڕۆژۆکتۆرەکەم لە پرێزی کارەبا ڕۆ کەم و هەڵی کەم کەچی لە پشتەوەڕا بێبەزەییيانە قامکێکیان لە قوونێ ڕۆ کردم! قیت بوومەوە، ئاوڕم دایەوە و بە سوورهەڵگەڕاوی کوتم: ئەوە کێ بوو؟!

ژنێکی بەساڵداچوو بە شێوەزاری مەنگوڕی پەتی کوتی: ئەمن بووم، هەی برایمت دەوان قوونان! ئەوە لەبۆت دە دوولینگێ ناون و دە هەوایان دەکەی؟! نازانی ئێرە نێو مەنگوڕانە و دوولینگێ هەڵناگری؟ ئائخ! چ بکەم کیرم پێوە نییە، دەنا بە مشایخان دەگەڵ داهاتنەوێت هەمووم ڕەزگ دەنای!"

ژنەکانی دەوروبەر لە قاقای پێکەنینیان دا و یەکێک کوتی: "ئەیەرۆ ئایشێ حەمەی! شایەد کاک، شۆخیە هەڵنەگری. ئەوە لەبۆت وەلێکرد؟"

جا ئەوە ئایش: "نا نا، ژنێ برام، پێی دەخۆشن! وەنییە قوونۆکەی دە دوولینگێ هاخنیون و زەریفیان دە هەوا دەکا؟!"

- **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Christopher Schneider